

## هونەرمەند (ئەرسەلان دەروێش):

# ئەوەی ئێستای لە شانۆی کوردیدا مایەی ئومێد و گەشبینییە کارو بەهرەی گەنجەکانە

**دیداری: خەلیل بلەسی**

***تەمەنێکی زۆرت لە شانۆدا بەسەر بردووە، ساڵانی حەفتا و هەشتاکان نمایشی شانۆیی وەك ئێستا نەبوو، شانۆ ئێستا بزاوتێکی گەرم و گوڕی پێوە دیارە کەچی ئەو گرنگییەی پێنادرێت؟**

- من پێموایە ئەو(گەرموگوڕییە)ی باسی لێوە دەکەن لە بەرئەنجامی گرنگی پێدانە! واتە بەراشکاوی ئەگەر وەزارەتی رۆشنبیری بودجە وپشتیوانی دابین نەکات چ گەرموگوڕی وبزاوتێك نابینێت، خۆ ئەگەر گروپێکی شانۆیی وەك تیپە ئەزموونگەرییەکەی هونەرمەند(نیهاد جامی)ش هەڵکەوێت ئەوا دوای چەند ساڵێك لە پشتگوێکردنی بەردەوام و پشتیوانی نەکردنی شیاو ناچار رادەوەستێت و نانوانێت بەردەوامبێت، بەبۆچوونی من گرنگی پێدان هەیە بەڵام وەك لە چەندین دیدار و وتاری پێشتردا وتوومە (کارنامەی دروست)نییە، ئێمە پێویستمان بە بوونیادنانی ژێرخانی شانۆ هەیە، پێویستیمان بە سیستمێکی نوێ هەیە لەمامەڵەکردنی وەزارەتی رۆشنبیریی لەگەڵ تیپە شانۆییەکانی کوردستان، ئەم (مەرکەزییەتە) قورسەی بەڕێوەبەرێتییە شانۆییەکان و پەراوێزخستنەی تیپە شانۆییەکان لە بەرهەمهێنانداو تەرخانکردنی بودجەی ساڵانە بۆ کارەکانیان کە بیانخاتە بەردەم بەرپرسیارەتییەوە لە بەردەم وەزارەتی رۆشنبیری و جەماوەری کوردستان، بەردەوامی دەداتە دیاردەی قۆرخکردن و میزاجیەتی رەوتی بزاوتە شانۆیەکەی پێبەڕێوەدەچێت و لەئاکامیشدا رەنگە بەرهەمی زۆر و(گەرموگوڕی) ببینینێ، بەڵام مخابن پێشکەوتنێکی بەرچاو لەئاستی هونەریی و دەسەملانێی شانۆوجەماوەرەوە بەدی ناکەین. لەو نمایشە گاڵتەجاڕانەش کە هونەرمەندە بەشداربووەکانی باشتر لەبینەرەکانیان دەزانن، خەڵك دێت پێیان پێبکەنێت نەك پەیامێکی روناکبیریی، کۆمەڵایەتی، یان سیاسییان لەپاڵ چێژێکی هونەریی ستاتیکی لێوەربگرێت، حەسرەتەکەش لەوەدایە کە هەندێك لە وانەی لەنێو رۆژنامەو سایتەکاندا خۆیان بەهەواڵنووسی هونەریی دەزانن، بەهۆی سوود وەرگرتنی مادییەوە( قۆچ و گوێی ) ئەو نمایشانە لەهەور دەدەن، بێئاگایانە لەوەی سبەی نووسینەکانیان بەر بەرپرسیارێتی مێژوویی و رەخنەی شارەزایان دەکەوێت.

***بەر لە ماوەیەك مامۆستا ئەحمەد سالار رایگەیاند وەك دەرهێنەر هیچ کارێکی دیکەی شانۆیی ئەنجام نەدات، ئەم هەڵوێستەی مامۆستا سالار چۆن هەڵدەسەنگێنی و هۆکارەکانی پشت ئەم بڕیارە بە ڕای تۆ چین ؟**



-من ئاگادای ئەو بڕیارە نیم، بەڵام ئەگەر مامۆستا (ئەحمەد سالار) کەیەکێکە لەدەرهێنەرە پێشەنگ و داهێنەرەکانی کورد، بڕیارێکی وابدات هەقە روونکردنەوەشی لەگەڵدا هەبێت خۆ ئەگەر هۆکارەکە شەخسی نەبێت ئەوا بێگومان پێویستە خەمخۆران وبەرپرسانی هونەریی و رۆشنبیری کوردستان بەدواداچوونی بۆ بکەن، ناکرێت ئەو سامانە ئیبداعیانەی کورد فەرامۆش بکرێن وبایەخ و بەهای گەورەیان پێنەدرێت، هەموو رۆژێك (ئەحمەد سالار)یێك نایەتە ئاراوە.

***بینەر، شانۆکار، دەسەڵات، سیستم کامیان بەرپرسن لەو بارودۆخەی ئێستا شانۆی کوردی تێیکەوتووە؟**

-تەنها (بینەر) لەم رەوشەی ئێستای شانۆکەمان بەرپرس نییە!

***نواندن، دەرهێنان، تێکستی شانۆیی سێ رەهەندی گرنگ وسەرەکی سەرکەوتنی کاری شانۆیین، لەم سێیانە ئێمەی کورد لە کامیان کەموکوڕیمان هەیە؟**

- کەموکوڕییەکی گشتی لەهەرسێ رەگەزەکە هەیە، وەلێ ئێمەی کورد کەمکوڕی بنچینەیمان لەبواری شانۆدا لە توانای داهێناندایە، هەروەك چۆن کەموکوڕیمان لە کارنامە ومیکانزمداهەیە، واتا لە رووی دامەزراوەییەوە هەژارو کەم دەسەڵاتین. بۆیە زۆر جار توانا ماددی و مرۆییەکانمان لەرووی ئەفراندنەوە بەفیڕۆ دەچێت و جێ ناگرێت، هەمیشە کەموکوڕییەکانیش دەخەینە ئەستۆی لایەنەکانی تر، نەزۆکی لەداهێناندا پاساوی نییە!

*** هەندێك کەس پێیان وایە ئێستا لە شانۆی کوردیدا تەکنیك و تەکنۆلۆژیا زاڵە بەسەر نواندندا، رات چییە سەبارەت بەم قسەیە؟**

- ببوورن ئەم رایە نەك جێی سەر سووڕمان بەڵکو مایەی پێکەنینە!! کامە تەکنەلۆژیایەیان مەبەستە قوربان؟! مخابن تاکو ئێستا لە هەموو شارەکانی کوردستاندا بە هەولێری (پایتەختەوە) تەنها (یەك) هۆڵی شانۆی ستانداردو مۆدێرنمان نییە، (بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر) کە بەناچاری هەندێك لەنمایشەکانی فێسڤاڵێکی شانۆی نێودەوڵەتی لە هۆڵی (گەل) پێشکەش دەکات بە جەختکردنی خۆی پێش هەفتەیەك مۆکێت وکورسییەکانی نۆژەن دەکاتەوە، تەنانەت ئێستاش (دوو)سێتی روناکی پێشکەوتوو لەهۆڵەکانماندا نییە چ جای ستیجی جوڵاوو ئامێری تایبەت بە دەنگ وگۆڕینی دیکۆر و.. هتد. خۆ ئەگەر ئەو بەڕێزانە مەبەستیان لایەنی هونەری نمایشەکانیش بێت، ئەوا

گۆڤاری (شانۆ) بەپشتیوانی و لەسەر بڕیاری ڕێزدار (نێچیرەڤان بارزانی) سەرۆكی حكومەتی كوردستان لە كابینەی پێنجەمدا دامەزرا

**هەمیشە خولیای ئەفراندن و سەركەوتنی ئەو پرۆژانەیە كە هونەری كوردی پێش دەخات و خزمەت بە بژاڤی هەڵكشـــاوەی گەلەكەمان دەكات، ئەو (سی) ســـاڵ زیاترە شانۆی كردۆتە هاوەڵ ونیشتمان، زیاتر لە(٤٠) كاری شـــانۆیی هەیە، لەزۆربەیاندا كاری دەرهێنانی ئەنجامداوە، وێڕای فەرامۆشنەكردنی دەقی جیهانی زۆربەی كارەكانی لەتێكستی شانۆیی كوردیدا بووە. لەبواری درامای كوردیشدا بە چەند زنجیرەیەكی وەك (شەوچەرە، ئارەزوو، خەرەند، منداڵەكانمان) تواناو سەلیقەی هونەریی خۆی بەرجەستەكردووە، بەرهەمەكانی لە(تیپی شانۆی ســـالار)دا لە ناوەندی نەوەدەكانەوە جارێكی تر ناوی ئەم تیپەی خستۆتە ریزی پێشەوەی گرووپە هونەرییەكانی كوردستان، دەرهێنەری ناسراو(ئەرسەلان دەروێش) لەم دیدارە تایبەتەی بەشی هونەریی (گوڵان)دا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی دایەوە:**

ئەوەندە بەسە بڵێم تاكو ئێستا لەنێو شانۆكارانی كورددا تیۆرستێك هەڵنەكەوتووە، زۆربەی دەرهێنەرەكانمان لە نمایشەكانیاندا پەیڕەوی ستایلێك یان میتۆدی هونەریی قوتابخانەیەكی شانۆیی دیاریكراوناكەن، بۆیە دەبینین دیكۆر سەر بە تەوژمێكە و نواندن بەڕێڕەوێكی ترداو دەق لەفەزایەكی جیاوازدا دەجریوێنێ و لەئاكامیشدا پرۆســـەی دەرهێنانیـــش بێ ناســـنامەیە. دیارە من ئەو شـــانۆكارانەم مەبەســـت نییە كەبە پەنجەی یەك دەســـت دەژمێردرێن و چوارچێوەی كاروكەســـایەتی هونەریی خۆیان دەستنیشـــان كردووە، چونكە ئەوانە ناسراوترن لەوەی ئەم بۆچوونە بیانگرێتەوە. بۆیە زۆر زەحمەتە كەس باوەڕ بەشـــتێك بكات كە نایبینێت تەكنۆلۆژیاش لە شـــانۆی كوردیدا شـــتێك نییە لەبەرچاوبێت، شانۆی كوردی تاكو ئێستا دوورە لە تەكنۆلۆژیا و پێشـــكەوتنەنوێیەكانی شـــانۆی جیهانی، بەداخەوە تەنانەت ئەوانـــەی بـــەر ئەو ڕۆشـــنبیریی و پێشـــكەوتنەش كەوتوون نەیانتوانیوە بەشـــێوەیەكی بەرفـــراوان وكاریگەر زانیاریـــی و تواناكانیـــان لەنێوەندە شانۆییەكەی لەمەڕ خۆمان تەفعیل بكەن و گەنجان و بەهرەمەندانی نێو بزاڤی شانۆی كوردی پێ دەوڵەمەند بكەن، بەڵكـــو بەداخەوە لە زۆربەی بۆنەكانـــدا موزایەدە و گۆشـــەگیریان هەڵبژاردووە لەڕووی شانۆكارانی كوردســـتاندا. ئەوە سەرەڕای ئەوەی كەهەندێكیان ســـوودێكی مادیی و وەزیفی گەورەشـــیان لە ئیدیعای(خزمەتكردنی شـــانۆی كـــوردی) وەرگرتـــووە. ئەو شـــانۆیەی كە ڕەنگە هەندێكیان بڕوایان بە ڕاستی ناوەكەشی نەبێت !

*** ئەی تواناو كارەكانی شانۆكارە گەنجەكان چۆن دەبینیت؟**

-ئەوەی مایەی ئومێد و گەشـــبینییە لە ئێستای شانۆی كوردیدا كاروبەهرەی گەنجەكانە. بەداخەوە زۆربەی شـــانۆكارە بەئەزموونەكان لە ژێر سێبەری ساباتی ڕۆژگارە بەسەرچووەكانیان كاردەكەن.

*** (ئەرســـەلان دەروێـــش) وەك داینەمـــۆی كاروچالاكییەكانـــی (تیپـــی شـــانۆی ســـالار) ناســـراوە، یەكێكە لە تیپە شـــانۆییە هـــەرە ناودارو بەخشدارەكانی كوردستان، دوای (بێكەس) كاری داهاتووتان چییە؟**

- دوای ئـــەم كارە دووپرۆژەی نوێم هەیە كە بڕیارە هەردووكیـــان لەلایەن (تیپی شـــانۆی ســـالار)ەوە بەسەرپەرشـــتی و پشـــتیوانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوانـــی كوردســـتان بێتـــە بەرهـــەم، یەكەمیان زنجیرەدرامایەكـــی نوێیە بەناونیشـــانی (ڕۆژگارە تەریبەكان) نووســـینی هونەرمەند(دڵشاد مستەفا) كەســـیناریۆكەمان بەهاوبەشـــی نووســـیوە و خۆم كاری دەرهێنانی ئەنجام دەدەم، ئەم زنجیرەیە (٢٥) ئەڵقەی تەلەفزیۆنییە وبەشـــی یەكەمە لە( سێ ) بەش پێكهاتووە، بابەتەكەی كە ســـەبارەت بە باری كۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕووناكبیریی كۆمەڵگای كوردییە لە ساڵی ١٩٧٠ تاكو ساڵی ٢٠٠٠ لەمیانەی چەند چیرۆكێكی ئەویندارییەوە پێشكەش دەكرێت. كاری دووەمیـــش دەرهێنانـــی هاوبەشـــە لەگەڵ هونەرمەندی عێراقی ناودار (د.ســـەلاح ئەلقەسەب ) بۆ شـــانۆیی (ڕێچاردی ســـێیەم)ی نووسەری جیهانی (وەلیام شەكســـپیر) بـــە دیدێكی هونەریی تایبەت كە هەڵسانەوەی گەلانی پێدەخوێنرێتەوە لە دوای حوكمی دیكتاتـــۆرەكان ولەدوای وێرانكارییە گەورەكانی لەبابەت (هەڵەبجە وهێرۆشـــیما)وە، كە ئومێد دەكەین وەك ئەزموونێكی شـــانۆیی دانسقە لەمێژووی شـــانۆی كـــوردی و عێراقیدا ڕووناكی ببینێت.

*** دواپرسیارمان ســـەبارەت بەگۆڤاری (شانۆ)یە ئەو گۆڤارە ســـەنگین و شایســـتەیەی كە لەلایەن تیپەكەتانـــەوە بە هەردووزمانی كوردی وعەرەبی و بەهاوەڵی زنجیرەیەكی كتێبی شانۆیی دەرتاندەكرد و ئێوە سەرنووسەری بوون، كێ پشتیوانی كردن و چۆن ڕاگیراوە؟**



- گۆڤاری (شانۆ) بەپشتیوانی و لەســـەر بڕیاری ڕێزدار (نێچیرەڤان بارزانی)ســـەرۆكی حكومەتـــی كوردســـتان لە كابینەی پێنجەمدا دامەزراو دوای چوارساڵ كاركردن و دەركردنی (٢٠)ژمارە بەزمانی كـــوردی وعەرەبـــی ولەگەڵیـــدا (٢٥)كتێبـــی گۆڤـــاری شـــانۆ كە هـــەر هەمـــووی بەبێبەرانبەر بەســـەر پەیمانگا و تیپە شانۆیی و دەزگاهونەرییەكانی كوردســـتان و عێراقـــدا بەنـــاوی حكومەتی هەرێمـــی كوردســـتان دابەش دەكرا و بەشـــایەدی ناوەندەكـــە وخوێنەرانـــی كەلێنێكـــی گـــەورەی لەكتێبخانەو ڕۆژنامەگـــەری كوردیدا پڕكردبۆوە، لەســـەرەتای ئەمســـاڵدا بەر ئەوبڕیـــارە كەوت كە لەلایەن سەرۆكایەتی وەزیرانی كابینەی شەشەمی حكومەتی كوردستانەوە بۆ ڕاگرتنی بەخشینی میدیا حزبی وحكومییەكان درا و لەوكاتەوە دەرناچێت. كە جێی نائومێدی ونارەزایی شـــانۆكارانی كوردستان وتەنانەت عێراقیشـــە و تاكو ئێســـتا چەندین جار قسەی لەبارەوە كراوە.



## شەرمنە و گرتەی سەرنجڕاکێشیشی هەیە

کچە ئەکتەری میسری عولاغانم ئاماژەی بەوە کرد کەوا قەناعەتی بە بیروبۆچوونەکانی دەرهێنەر هەبووە، بۆیە بەشداری لە هەندێك دیمەنی سێکسی و سەرنجڕاکێشدا کردووە.

عولا هەروەها دەڵێ: زۆر خۆشحاڵم کاتێك دەزگای چاودێری چەند دیمەنێکی کارەکانی منیان لابرد، چونکە ئەو جلوبەرگە ڕووتانەی کە من پێیان دەرکەوتم، گوزارشت لەکەسایەتی من ناکەن کە کەسایەتییەکی شەرمنە، عولا لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (صدى البلد)ی لوبنانی دەربارەی بارودۆخی ئێستای میسر وتی: من زۆر سوپاسی سەرۆکی پێشوو حوسنی موبارەك دەکەم، کەوا هەڵنەستا بە کوشتنی گەلی میسری وەك ئەوەی قەزافی لە لیبیا دەرهەق بە گەلەکەی کردی.

## سلاف
## ئێستاش لایەنگری بەشارە

خانمە ئەکتەری سوری سلاف فەواخرجی پشتگیری بۆ بەشار ئەسەدی سەرۆکی ئەو وڵاتە دەربڕی و بە سەرۆکێکی بەهێز وەسفی کرد.

سەرەڕای ئەوەی کە هەموو جیهان سەرقاڵە بە زانینی دوایین ڕووداوەکانی سوریا و بەردەوامی ئیدانەی کردەوەکانی هێزە ئەمنییەکانی سوریا دژ بە هاووڵاتییان دەکەن، کەچی بەشێك لە هونەرمەندانی عەرەبی و سوری تا ئێستاش بەردەوامن لە پشتگیری کردنیان بۆ ڕژێم و سەرۆکی ئەو وڵاتانە، سلاف فەواخرجی کە یەکێك لەو هونەرمەندانە لەسەر ئاستی عەرەبی ناسراوە، بە ئاشکرا پشتگیری خۆی بۆ بەشار ئەسەد دەربڕی و بە رزگارکەری سوریای وەسف دەکات، سلاف دەڵێت: ڕاستە بەهۆی ئەم ڕووداوانە سوریا وڵاتێکی نائارام و شڵەژاوە، بەڵام سلاف پێیوایە ئەم بارودۆخە ئێستای سوریا و کاتییە و بە هۆی سەرکردایەتی بەشار ئەسەدەوە بارودۆخەکە هێور دەبێتەوە و سوریاش زۆر لە جاران بەهێزتر دەگەڕێتەوە.




## باریمۆر
## دەیەوێ شوو بکات

پێدەچێت درۆ باریمۆی ئەستێرەی سینەمایی هۆلیۆد نایەوێ چی تر بەو شێوەیەی ئێستا ژیان بەسەر بەرێت وبیر لە جێگیر بوون دەکاتەوە لە ژیانی خۆیدا.

لەم بارەیەوە چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە باریمۆر ئاشکرایان کرد کە ئەو تامەزۆری ئەوەیە بۆ ئەوەی جێگیر بێت لە ژیانی تایبەتی خۆیدا و بیر لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و خێزان و منداڵ بوونیش دەکاتەوە، چونکە منداڵی زۆر خۆشدەوێت، بەتایبەتی ئێستا کە جۆرە پەیوەندییەکی خۆشەویستی هەیە لەگەڵ راوێژکاری هونەری ویل کۆبلمان کە بە تەمەن لە باریمۆر بچووکترە، بەڵام زۆر خۆشی دەوێ.

شایەنی گوتنە درۆ باریمۆ یەکێکە لە پاڵەوانە سەرەکییەکانی زنجیرە فیلمی فریشتەکانی چارلی و لەو ڕۆڵانەی کە لە کارەکانی دیکەیدا بینیویەتی زیاتر ڕۆڵی کۆمیدی بوون و توانی بەو ڕۆڵانە بچێتە نێو دڵی جەماوەرەوە.



# شەش دەفتەر دۆلار لە یادگاریەکانی مادۆنا خەرج دەکات

یەکێک لە هەوادارانی مادۆنا لە ماوەی ٢٦ ساڵدا چەندین یادگاری جیاجیای ئەستێرەی پۆپی ئەمریکی مادۆنای کۆکردەوە کە نرخەکەیان دەگاتە زیاتر لە ٦٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی.

لەم بارەیەوە رۆژنامەی (سەن)ی بریتانی بڵاویکردەوە مایکل بلێر کە بە عاشقی مادۆنا ناسراوە بایی بڕی ٦٢ هەزار دۆلاری ئەمریکی وێنە و کاسێت و گۆڤار و پلیتی ئاهەنگەکانی کۆکردۆتەوە، (سەن) زیاتر رایگەیاند کە بلێر ٧٠٠ سیدی و ٣٧٢ قەوان و ٣٥٠ گۆڤار کە مادۆنای تێدایە و ١٥٠ کاسێتی مادۆنای کۆکردۆتەوە، هەروەها بەشداری لە ٤٢ ئاهەنگی مادۆنا بووە لە ١٣ وڵاتی جیاجیا.

بلێر لە تەمەنی ١٠ ساڵییەوە یەکێك بووە لە عاشقەکانی مادۆنا و ئەم کەلوپەلانەی لە سندوقێکی پتەوی تایبەتەوە هەڵگرتووە و تا ئێستاش زۆر بە رێکوپێکی پاراستویەتی بە جۆرێك هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نەهاتووە.





# هەڤاڵ بە (ئەی فەلەک) یادی ماملێ دەکاتەوە

هونەرمەندی لاو و بە توانا هەڤاڵ ئیبراهیم گۆرانییەکی هونەرمەندی گەورە ماملێ دەکاتەوە و بە شێوازێکی نوێ پێشکەشی دەکات.

لەم بارەیەوە هونەرمەند هەڤاڵ ئیبراهیم لە پێوەندییەکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان رایگەیاند ئەم گۆرانییە بەناوی (ئەی فەلەك)ە کە لە ئاواز و هۆنراوەی هونەرمەندی نەمر (ماملێ)یە و خۆم و چەند هاوڕێیەکی دیکەم ئەم گۆرانییەمان هەڵبژارد بۆ ئەوەی دووبارەی بکەمەوە، لە دەرهێنانی کاوە عادل و بە سپۆنسەری دیاکۆ گرووپ و کلیپەکەش لە بەرهەمهێنانی ئێم ڤی پرۆدەکشنە، هەڤاڵ زیاتر گوتی: هەرچەندە دیاکۆ گرووپ پێوەندیی بە کاری هونەرییەوە نییە، بەڵام بە سوپاسەوە ئەرکی سپۆنسەری ئەم کلیپەی لە ئەستۆ گرتووە، ئەوەشی روونکردەوە کە جگە لەم گۆرانییە لە بەرهەمی داهاتوویدا چەند گۆرانییەکی دیکەی بە شێوەزاری سۆرانی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی پێشکەشی جەماوەری خۆی بکات، بەڵام دووبارە نین بەڵکو گۆرانی نوێن.



## دەروێش سەرحەدی:

# پێشکەوتنی هونەری کوردی وەک زنجیربەیەکەوە بەستراوە



دەروێش سەرحەدی یەکێك لە هونەرمەندەکانی باکووری کوردستانە، جگە لە گۆرانی وتن زیاتر لە ئامێرێکیش دەژەنێت، لە پێوەندییەکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان گوتی: زۆر جار باس لە رەسەنایەتی هونەری کوردی دەکرێت گوایە بەرەو نەمان دەچێت، من پێموایە هونەری هەر میللەتێك رەسەنایەتی و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە کە جیاوازە لە هی میللەتانی دیکە، بۆ نموونە کەسێکی کورد ئەگەر لە هەر شوێنێك گوێی لە ئاواز یان میلۆدییەکی کوردی بێت هەست بەوە دەکات کە کوردییە بۆ هەموو نەتەوە و میللەتانی دیکەش بە هەمان شێوەیە ئەگەرچی هونەری و موزیکی ئێمە زۆر دەستکاری کراوە و بردراوە ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ تێکەڵ بوونی لەگەڵ هونەری میللەتانی دیکە.

سەرحەدی درێژەی بەم باسەدا و گوتی: ئێمە خاوەن فەرهەنگ کەلتوورێکی دەوڵەمەند و لە بن نەهاتووین بەتایبەتی لە بواری هونەر و موزیکەوە و پێویستە شانازی پێوە بکەین و نیشانی نەوەکانی داهاتووی بدەین ئەویش بە زیندوو کردنەوەی، چونکە هیچمان لە گەلانی تر کەمتر نییە ئەگەر زیاتر نەبێت، تەنیا ئەوە نەبێت کەئێمە وەکو کورد تا ئێستا بێ دەوڵەتین ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە دوژمنان بە هەموو شێوەیەك کەلتوور و فەرهەنگی ئێمە بە تالآن ببەن و بە ناوی خۆیانەوە بڵاوی بکەنەوە. لەم بارەیەوە نموونەمان زۆرە.

دەربارەی جیاوازی پێشکەوتنی هونەری کوردی لە پارچەکانی کوردستان دەروێش دەڵێ: رەنگە تەنانەت لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکەش جیاوازی هەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هونەری کوردی بەیەکەوە بەستراوە، چونکە پێشکەوتنی هەر پارچەیەکی کوردستان لە بواری هونەری دەبێتە پێشکەوتنی هونەر لە پارچەکانی دیکە، بۆ نموونە ئەو پێشکەوتنانەی کە لە باشووری کوردستان بەدەستهاتووە کاردانەوەی ئیجابی دەبێت بۆ پێشکەوتنی هونەر لە هەموو پارچەکانی دیکە و تەنانەت لە دەرەوەی کوردستانیش، دەروێش ئەوەشی دووپات کردەوە کە بە هەر جۆرێك بێت ئەو پێشکەوتن و ئازادییە کە لەو پارچەیەی کوردستان هەیە رەنگدانەوەی خۆی هەبووە بۆیە دەبینین چەندین هونەرمەندی پارچەکانی دیکەی کوردستان سەردانی باشوور دەکەن بۆ ئەنجامدانی کاری هونەری سەربەخۆ یان لەلایەن دەسەڵاتی ئەو پارچەیە هاوکاری و کۆمەك دەکرێن ئەمەش خۆی لە خۆیدا رەنگدانەوەی ئیجابی هەیە .

## لوقمان غەریب:

# حکومەت گرنگییەکی تاک لایەنانە بە سینەما دەدات

**لوقمان غەریبی دەرهێنەری هەر یەك لە زنجیرە دراماکانی (نامەکانی ئەشرەف) و (رەیحانە) کە تایبەتمەندی خۆیان هەبوو لە نواندن و دەرهێناندا، پێیوایە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەشێوەیەکی تایبەت لە گرنگیدانیان بە بوارە جیاجیاجانی هونەری نادادپەروەرییەك پیادە دەکەن، چونکە گرنگی بە هەندێك لایەن دەدرێت لەسەر حیسابی هەندێك لایەنی دیکەی هونەری.**

لوقمان غەریب لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان دەڵێ: ئێمە هەوڵ دەدەین کە بینەری کوردی لە دراما عەرەبی و تورکییەکان دووربکەوێتەوەو ڕوو بکاتەوە کاری درامای رەسەنی کوردی بۆ ئەوەی ئاشنا بێت بە هونەرو فەرهەنگی میللەتەکەی، کەچی وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان و لایەنە پێوەندیدارەکان وەك پێویست هاریکاریمان ناکەن و لە کاتی وێنەگرتنی رەیحانەدا دووچاری هەڵوێستی لەم جۆرە بووینەوە، تەنانەت جارێکیان نووسراوێکمان پێویست بوو بۆ ئەوەی لە هەندێك شوێن وێنە بگرین کەچی بۆیان نەکردین.

سەبارەت بە بوونی نادادپەروەری لە گرنگیدانی حکومەت بە بواری سینەما زیاتر لە دراما، لوقمان غەریب بە راشکاوی دەڵێ: بێگومان لەم بوارەدا نادادپەروەری و هەڵنەسەنگاندن و بێ بەرنامەییەك بەدی دەکرێت، خوێندنەوەیەك نییە بۆ ئەو کەسانەی دەتوانن کار بکەن لە هەمان کاتدا خزمایەتی و ناسین ڕۆڵی خۆی هەیە، بەشێوەیەك دەتوانین بڵێین حکومەت و بەتایبەتی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و ئەو دەزگا و لایەنانەی لەم بوارەدا دەتوانن رۆڵیان هەبێت، بەرپرسیارن لە دروستبوونی ئەم بارودۆخەی ئێستای هونەری کوردی.

هەروەها دەرهێنەری زنجیرە درامای (رەیحانە) دەڵێ: یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم حاڵەتە ئەوەیە کە حکومەت زیاد لە پێویست گرنگییەکی تاك لایەنانە بە بواری سینەما دەدات لە کاتێکدا ئێمە پێداویستی دیکەی لۆکاڵیمان زۆرە، سەبارەت بە سینەما لەوانەیە لە هۆڵێکدا ٣٠٠-٤٠٠ کەس کۆبکەیتەوەو فیلمێك نمایش بکەی، زۆرجار هەوڵماندا بزانین ئەم فیستیڤاڵانە چۆن دەبن و چی روودەدات سەیرمان کردووە ٢٠٠-٣٠٠ لە هۆڵێکدا کۆدەبنەوە بۆ بینینی فیلمێك کە یەك ملیۆن دۆلاری بۆ خەرج کراوە و لەو ٣٠٠ کەسەش ١٠٠یان ئەوانەن کە لە کارەکەدا بەشدارن ٥٠- ١٠٠ خزم و کەسی ئەوانەن، بۆیە دەبینین گرنگییەکی زۆر بە سینەما دەدرێت کە ئەسڵەن هۆڵی سینەما لە کوردستاندا نییە، وڵاتێك کە هۆڵی سینەمای نەبێ بۆ نمایشکردنی فیلمی بیانی، فیلمەکانی خۆی لە کوێ نمایش دەکات، پێموایە ئەمە جۆرێکە لە زەمینە خۆش کردن بۆ گەندەڵی و پارەیەکی زۆریش بە هەدەر دەدرێت و لەم بە هەدەردانەش خەڵکانێك سوودمەند دەبن، تەنانەت بەپێی هەندێك زانیاری لە وەزارەتی رۆشنبیری ژمارەیەك ناونیشانی ڕەزامەندی لەسەر کراوە کە تەنیا ناونیشانەو هیچی تر و هەندێکیان نزیکەی نیو ملیۆن دۆلاریان بۆ سەرف کراوە لە کۆتاییشدا دەرچووە کە تەنیا ناونیشانێکە لەسەر کاغەز، بێسەروبەری و گەندەڵی، هەروەها ئەمە کاریگەرییەکی سلبی لەسەر بارودۆخی هونەر دەکات بەشێوەیەکی گشتی، بۆ نموونە ئەکتەرێك کە لە هەموو ڕوویەکی هونەرییەوە سەرکەوتووەو دەتوانێت رۆڵەکەی بە باشترین شێوە بەرجەستە بکات، ئەم ئەکتەرە ئەگەر لە زنجیرە درامایەك بەشداری بکات، دەرهێنەر لە بری ماندووبوون و نواندنەکەی دەتوانێت تەنیا بڕی هەزار دۆلار بدات بەم ئەکتەرە کەچی هەمان ئەکتەر ئەگەر لە فیلمێکدا بەشداری بکات کە شەست دەفتەر دۆلاری بۆ خەرج کراوە و ژمارەی ئەکتەرە بەشداربووەکانیشی زۆر نین، دەرهێنەری فیلمەکە دەتوانێت یەك دەفتەر دۆلاری پێ بدات لە بری بەشداری کردنی، ئەکتەرەکە تووشی سەرسوڕمان دەبێت لەلایەك شەش

سەد دۆلار وەربگرێت و لە لایەکی دیکەش دە هەزار دۆلار وەربگرێت لە هەردوو بوارەکەشدا کاری ئەم ئەکتەرە هەر نواندنە، ئەم کارە دەبێتە هۆی ئاڵۆز کردنی بارودۆخەکە لە خۆیان و لە خەڵکەکەش، ئەمەش پێویستی بە چارەسەر کردن هەیە.




ژمارە (٨٥١) ٢٠١١/١٠/١٧